نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی راگەیاندن

# هــەواڵنامــــەی یونـــــامی

## دەنـــــگی نێـــــردە

هەواڵنامە | ژمارە بیست و پێنج | ئابی 2008

## پێنجەمین یادی تەقینەوەکەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد



*یادی پێنجەمین ساڵیادی هێرشە دڕندانەکەی سەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئوتێلی کەناڵ لە بەغداد دەکاتەوە*

**نووسینی: رەندە جەمال**

یادکردنەوەی پێنجەمین کارەساتی تەقینەوەکەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئوتێلی کەناڵ لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٣ لە ١٣ی ئابی ٢٠٠٨ لە لایەن (یونامی)یەوە بەڕێوە چوو. پارەچەیەك مۆسیقای تایبەت کە لەلایەن ژەنیاری عیراقی سامی نەسیم پێشکەشکرا لەگەڵ خوێندنەوەی هونراوەیەك لە لایەن هۆنەری عیراقی هەمزە ئەلحیلفییەوە.

پارەچەیەك مۆسیقاش بە ناوونیشانی "باڵندەی شین" کە رەنگدانەوەی کارەساتی ئەو قوربانییانە بوو کە هەڵگری بەهرە بەهێز بوون لە گۆڕانی مرۆیی وهەر لەسەرەتای تەقینەوە دڕندانەکەش تێچوون. ئەو پارچە مۆسیقایە و پارچە هۆنراوەیەکی عەرەبی تر کە لە گشت سنوورەکانی یونامی دەنگی دایەوە ئاماژەیان بە دەوری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد و نیشاندەری پەیامی جیهانیی هەبوونی هاوشانیی بوو لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان خەڵکی عیراق لە پێناو عیراقیکی ئارام و جێگیر. لەبەر رۆشنایی ئەم هاوشانییە، بەرپرسانی عیراقی و نەتەوە یەکگرتووەکان هەردوو لا لە ووتە کورتەکانی خۆیان جەختیان لەسەر گرنگیی ئەم یادکردنەوە کردەوە. نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز ستافان دی میستوراش ووتی "ئێمە لەم بۆنە تایبەتە ئەو پەیامە رادەگەیەنین کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و هەروەها بۆیە هاتۆتەوە کە هەوڵ و چالاکیەکانی زیاد بکات تا ئەو کاتەی عیراق پێویستی بە هاوکاری ئێمە هەبێت".

سەبارەت بەوانەش کە لە ئابی ٢٠٠٣ گیانی خۆیان بەخت کرد، دی مستورا ووتی "ئەوانە لە بەلاش گیانی خۆیان بەخت نەکرد و بگرە ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە هەڵگری ئاڵاکەیانین کە ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکانە و هەڵگری ئامانج و دروشمی ئەم نێردەیەشە". ئەو کۆتایی بە قسەکانی هێنا و ووتی "بۆیە ئێمە ئەمڕۆ لێرەین بۆ ئەوەی بۆ گیانییان بپارێزینەوە چونکە ئەوان پاڵنەری ئێمەن بۆ بەرەوپێشچوون".

نوێنەری حکومەتی عیراق و راوێژکاری سیاسیی سەرۆك وەزیرانی عیراق جۆرج باکوس ئاماژەی بە کاریگەریی تەقینەوەکە کرد لەسەر تەواوی وڵات و ووتیشی"هێرشەکەی سەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو خەڵکی عیراقی نیگەران کرد چونکە ئەو شەهیدانە کاری مرۆیی خۆیان جێبەجێ دەکرد لە پێناو کەمکردنەوەی ئازارەکانی خەڵکی عیراق". لەبەر رۆشنایی ساڵیادەکە ووتی "ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە بۆ یادکردنەوەی ئەو قوربانییانە و رێزگرتن لە خۆیان و دەورەکانیان لە دەستەبەرکردنی ئاشتی لە پێناو عیراقێکی دیموکراتی ئارام و جێگیر.

سەبارەت بە دەوری (یونامی) لە عیراق، ئەو نوێنەرە ووتی"ئێمە چ حکومەت و چ خەڵکی عیراق دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز هەڵدەسەنگێنین و ئەم کارەساتەش نەبووە هۆی راگرتنی کارەکەی لە عیراق. بە پێچەوانەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان دەوری خۆی لە وڵات فراوان کرد". لە کۆتایی قسەکانیشیدا ئەو سوپاسی دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز ستافان دی میستورای کرد لە هاوکاریکردنی خەڵکی عیراق.

لەو زنجیرە رووداوانەی کە ئەنجامدران بە

### پێرست

پێنجەمین یادی تەقینەوەکەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد _____________ 1

نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق رێکەوتننامەی هاوکاری ئیمزا دەکەن ______ 2

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەکۆکارێکی ٤ رۆژی بۆ بەڕێوەبەرانی بەرنامەی تەندروستی ساز دەکات _____________________ 3

نەتەوە یەکگرتووەکان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق رۆژی گەنج بەرز رادەگرن بە ئەنجامدانی پێشبڕکێی شەترنج ________ 4

ژەنیارێکی عیراقی خۆبەخشانە لە کلێساکەی کار دەکات و لە کاتی بێکاریشیدا مەشقی مۆسیقا دەکات _________________________ 4

کرانەوەی دەرگاکان بۆ نەجەفی پیرۆز _____ 5

نیورك و ژنیڤشەوە، یادکردنەوەی بەغدادی پایتەختی عیراق کە هەفتیەك پێش کاتی ساڵیادەکە ئەنجام درا و زۆر گرنگیش بوو لەو ڕووەی کە هەندێك لە ڕزگاربوانی تەقینەوە تراژیدییەکە ئامادەبوون.

ژنێکی ڕزگاربووی ئەو کارەساتە دڕندانەیە بە چەند ووشەیەك باسی لە کارەساتەکە کرد و ووتی :

لە کاتی ڕووداوەکەی هەفتەی ڕابردوو من زۆر نیگەران بووم و خەریك بوو بگریەم. وام هەست دەکرد کە کارەساتەکە تازە ڕوویداوە.

من لە کاتی تەقینەوەکە هەوڵم دەدا کە بوەستم و نەکەومە خوارەوە و واشم هەست دەکرد کە دنیا بەرە و کۆتایی دەچێت. من خوێنبەربوونەکەم زۆر بە هێز بوو و لەسەرەوە بۆ بەرەوە شەلالی خوێن بووم.

زۆر گەرماش بوو. کارێکی زۆر زەحمەت بۆ منێك کە دوو دۆستەکچم وخەڵکی تر تێچوو بوون کە بتوانم بزانم چۆن کاربکەم. نووسینگە ١٠مەترییەکەمان بە تەواوی هەڵتەکابوو و تەنها ئەو ٣ مەترە نەبێ کە منی تێیدا دانیشتبووم. چاوێلکەکەم شکا و کورسییەکەش لە بەر چاووم بە خێرایی ٥ کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا دەخولایەوە. بەڕاستی ئەوەندە کارەسات بوو ئێستاش دەڵێی دوێنێ ڕوویداوە.

توانیم خۆم بە ٣٠ تەقەڵ چەند شوێنێکی جیا جیای سەرم بدووروموە بەڵام بە هۆی نەبوونی ماددەی هۆشبەرو کەرەسەی پزیشکیی لە بەغداد دوورینەوەکە ژانێکی زۆری هەبوو بەڵام هێشتاش هیچ شتێك بەراوورد ناکرێت لەگەڵ ئەوەی لەو تەقینەوەیە بەسەر من هات. من ئەو کاتە ٦ مانگ بوو دووگیان بووم و هەر بەو هۆیەشەوە کۆرپەکەم لە بار چوو کە بوو کە ئەمەش بە تەواوی ژیانی منی گۆڕی.

سەبارەت بەم کارەساتە دڵتەزێنە، کارمەندێکی تەمەن ٣٨ ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ووتی "هەر کە لە تەقینەوەکە ڕام کرد و چاووم کردەوە یەکسەر ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکانم بینی کە هێشتا لەسەر ئوتێلەکە هەر دەشەکایەوە و هەر ئەو کاتە هیوام بە دوا ڕۆژ پەیدا کردەوە".

ئەو خاتوونە کۆتایی بە قسەکانی هێنا و ووتی "شانازییە بۆ من کە لە گەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکەم و ئەم ڕووداوەش زیاتر بەهێزم دەکات و شانازیشم بە کارکردن لە گەڵ ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتیی زیاتر دەکات".

## نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق ڕێکەوتننامەی هاوکاری ئیمزا دەکەن



جێگری نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، داڤید شیرەر، و وەزیری پلاندانانی عیراقی عەلی بابان تەوقە دەکەن دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامە هاریکاری

**نوسینی : ڕەندە جەمال**

ڕێکەوتنی هاوکاریی ٣ ساڵە، کە لە ١٣ی ئاب لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق ئیمزا کرا، دەبێتە پاڵپشت بۆ ئاوەدانکرنەوە و گەشەپێدان و پێویستییە مرۆییەکانی عیراق. ئەم ڕێکەوتنە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بەرەو چاککردنی بارودۆخی وڵات و دەبێتە مایەی هاریکاریی زیاتر لە نێوان هەردوو لا.

ئامانجی ستراتیژەکە ئەوەیە گەشە بە خاوەندارێتیی حکومەت و بەرپرسیارێتیی لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی و گەشەپێدان لەسەر هەموو ئاستەکان بدات. سەبارەت بەمە، وەزیری پلاندانانی عیراق عەلی بابان وتی "ئەمە هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی هەستانەوەی عیراق چونکە گشت ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە لە هاوبەشیان لەگەڵ عیراق و خەڵکەکەی لە پێناو کەمکردنەوەی هەژاریی و زیاد کردنی گەشەکردن و پەرەدان بە دیموکراسی لە وڵاتەکەمان".

لەمبارەشەوە، جێگری نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگسازی کاروباری مرۆیی داڤید شیرەر، کە ڕێکەوتنەکەی لە گەڵ بابان ئیمزا کردبوو، دووپاتیکردەوە کە "ئێمە ئێستا دەتوانین پەرە بە دەسکەوتەکان بدەین و تەرکیزمان بگۆڕین بە یارمەتیدانی عیراق بۆ بەگەڕخستنی توانا و سەرچاوە ڕاستەقینەکانی خۆی هاوکات لەگەڵ هەولدانمان بۆ دابینکردنی پێویستییە مرۆییەکان".

دارایی ڕێکەوتنەکە لەڕێگەی ٣ میکانیزمی سەرەتاییەوە دابین دەکرێت لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی کە بریتین لە هاوبەشیکردنی بەرچاوی دارایی لە لایەن حکومەتی عیراقەوە و پاڵپشتیی جیهانی لە ڕێگەی سندوقی متمانەی عیراقی و بانگەوازەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ڕێکەوتنەکە گەشەپێدان و چارەسەری مرۆیی لە پێناو خزمەتە بنەڕەتییەکانی وەك پەروەردە و ئاو و پاراستنی خەڵکی لێقەوماویش لە خۆ دەگرێت. هەروەك چۆن جەخت لەسەر ڕەخساندنی هەلی زیاتری کاریش دەکات بە پەرەدان بە کەرتی تایبەتی وڵات و دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبردنی بەهێزتر و بەرپرستر.

باسیل ئەلعەزاوی بەرپرسی "پرۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەغداد"، کە کۆمەڵێکە زیاتر لە ١٠٠٠ ڕێکخراوی ناحکومی لە خۆ دەگرێت، بە ئومێدی گۆڕانەوە وتی "هەموو عیراقییەکان بە دۆخێکی مرۆیی دژوارا تێدەپەڕن بە هۆی خراپیی خزمەتە بنەڕەتییەکانی وەك ئاوی خواردنەوە و تۆڕی ئاوەڕۆ و کارەبا لەگەڵ تێکچوونی ژینگەیان. بە ڕای من، ئەوەی تا ئێستا لە لایەن حکومەتی عیراق و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییەوە پێشکەشکراوە تەنها یارمەتییەکی سادەیە و ناتوانێ زیاتر لە ٢٪ی پێویستییە ڕاستەقینەکان دابین بکات." لە کۆتاییدا ئەو تێبینیی ئەوەشی کرد کە حکومەتی عیراق و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ئەم پێویستیانەیان پشتگوێ خستووە.

# ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەکۆکارێکی ٤ ڕۆژی بۆ بەڕێوەبەرانی بەرنامەی تەندروستی ساز دەکات



یەك لە بەشداربووانی وۆرکشۆپی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەنجامی یەك لە کۆمەڵەکان نیشان دەدات

**نوسینی : ڕەندە جەمال**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وەزارەتی تەندروستی عیراقی لە ٢٧ تا٣٠ی ئاب سەکۆکارێکیان لە ژێر ناوی "شێوازی دروست بۆ بەرنامەی بەڕێوەبردن" بە هاوبەشی لە ئوتێلی رەشیدی بەغداد ئەنجامدا. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەشداریی بە نزیکەی ٢٥ بەڕێوەبەری بەرنامەی تەندروستی لە زۆربەی پارێزگاکانی عیراق کرد وەك هەوڵێك لە پێناو فراوانکردنی زانیاری و شارەزاییان لە بەڕێوەبردنی بەرنامە هاریکارییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی. هەماهەنگسازی پلاندانی بەرنامە و چاودێریی و هەڵسەنگاندن د. سوسن باسیری وتی "ئەم سەکۆیکیارە هەم ئێمە وهەم هاوتاکانمان بە توانا دەکات بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی هاوبەشانە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی بەرنامە و چاودێریی کردنی بەرنامە هاوبەشەکانمان لە عیراق، هەروەها نیشانداننێکی باشیشە بۆ ئەو تەکنیکی بەڕێوەبردنانەی کە بۆ کاری ڕۆژانەمان بەسوودن." ئەم مەنهەجە دانان و پێوانەکردنی ئامانجیی بەرنامەیی دەگرێتەوە.

ئەو هەماهەنگسازە ئامانجەکانی سەکۆیکیارەکەشی ڕوونکردەوە بە هێنانەوەی چەند نموونەیەکی بەرجەستە کە پەیوەست بوون بە بابەتە تەندروستییەکان لە پارێزگا جیاجیاکاندا. بۆنموونە، ئەو باسی سیستەمی چاودێریی کرد کە دەبێتە پاڵپشتی بۆ ڕاپۆرتدان لە سەر هەر حاڵەتێك





د. باسیری لە وۆرکشۆپەکە زانیەك لەسەر گریمان و مەترسییەکان دەڵێتەوە

لە کاتی خۆی و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لەگەڵ دۆزینەوەی نەخۆشی و نەخۆشییە درمییەکان. د.باسیری وتی "هەر چەندە وەزارەتی تەندروستی بەرپرسە لەمە، بەڵام ئێمە لە ڕووی تەکنیکییەوە لە پرۆسەی شیکار کردن بەرگری کردن و تاقیگە یارمەتییان دەدەین."

بەشدرابوان کە لە بەشە تەندروستیە جیاجیاکانی پارێزگاکانەوە هاتبوون دەستخۆشییان لە سەکۆیکیارەکە کرد بۆ جەختکردنەوەی دروست و ستراتیژییانەی لەسەر پلاندانان و شێوازی چارسەرکردنی گرفتەکانی بەڕێوەبردنی ڕۆژانە. بەشدارێك وتی "ئەم سەکۆیکیارە یارمەتیمان دەدات لە زیادکردنی شارەزاییمان لە پێناو گەیشتن بە ستانداری جیهانی و ڕەخساندنی هەلی بینینی بابەتەکان لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە." سەکۆیکارەکە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر چەند دیاردەیەك کە کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا هەیە وەك قەڵاچۆکردنی هەژاری، خستە بەردەستی کۆمەڵێکی کەمی بەشدرابووان کە دەبوو چەند ڕاسپاردەیەکی ئامانجدار لە پێناو پاڵپشتیکردنی شێوازەکە پێشکەش بکەن.



بەشداران ئاوتونیی وۆرکشۆپەکە دەکەن لە کاتی پشوویان

بە گشتی، هەموو بەشداران لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ئەم سەکۆیکیارە بە شێوەیەکی کاریگەر شارەزایی زیاد کردوون و یارمەتی ئەوەشی داون کە بتوانن ئامانج دابنێن. نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی د. نەعیمە ئەلقەسیر وتی "ئەمە دەبێتە هۆی ئاسانکردنی زمانی هاوبەش لە پلاندانان و بەرنامەڕێژی لەگەڵ هاوتا عیراقییەکانمان. گواستنەوەی شارەزایی و زانیاری بۆ زۆربەی بەرپرسانی تەندروستی زۆر پێویستە." ئەو لەسەری ڕۆیشت و وتی "سەبارەت بەو شارەزاییەش کە بەشداران بە دەستیان هێناوە ئەوە بریتین لە شارەزایی ژیان و دەکرێ لە هەر بەرنامەیەکیش جێبەجێ بکرێن."

لە هەوڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عیراق و پەیوەندارانی تر، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەردەوام دەبێت لە سەر چالاکییە جۆراوجۆرەکانی لە سەرانسەری وڵات.

# نەتەوە یەکگرتووەکان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق ڕۆژی گەنج بەرز ڕادەگرن بە ئەنجامدانی پێشبڕکێی شەترنج



یەك لە کارمەندە ئافرەتەکانی UN لەگەڵ یاریزانێکی کورد یاری شەترەنج دەکات لە یادی ڕۆژی گەنجان

**نوسینی: سەباح عەبدولرەحمان**

یونامی لە نوسینگەی هەرێمایەتی خۆیدا لە هەولێر لە ١٢ی ئابی ٢٠٠٨ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان میوانداریی پێشبڕکێیەکی دۆستانەی یاری شەترنجی کرد. وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەستپێشخەری خۆی ئەنجامدا بە دابینکردنی تەختەی شەترنج و کەرەسەی پێویستی تر بۆ ئەم پێشبڕکێیە. بەرپرسی نووسینگەی یونامی لە هەولێر بەڕێز مارك ڕەتگەرس و کارمەندانی تری یونامی کە دوای دەوام بۆ هاندانی تیمەکەیان مابوونەوە پێشوازییان لە تیمی شەترنجی وەزارەت (٨ یاریزان) و شاندی یاوەریان کرد کە لە بەرپرسانی باڵای وەزارەت پێکهاتبوو.

لە وتەیەکدا کە دەنگدانەوەی ووتەکەی سکرتێری گشتیی سەبارەت بە ڕۆژی لاوان بوو، بەرێزرەتگەرس بەخێرهاتنی بەرپرسان و یاریزانانی وەزارەتی کرد. هەروەها نووسینگەی یونامی هەولێر چەند دانەیەکی لە وتارەکەی سکرتێری گشتی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بەسەر بەشدارانی پێشبڕکێیەکە دابەشکرد. لەو بارەوە بەڕێز ڕەتگەرس وتی "هەروەك چۆن ئەمڕۆ سکرتێری گشتیی بەم بۆنەیەوە ڕایگەیاند ئێمە




بەرپرسی نوسینگەی یونامی لە هەولێر و وەزیری وەزش و لاوان تەها بەرواری لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکان بەسەر یاریزانەکاندا

ناتوانین کەشوهەوا بگۆڕین بەڵام دیارە دەتوانین دیدی جیهان بۆ گەنج بگۆڕین."

لە کۆی ٨ یاری، یونامی دوانی بردەوە و (٥) یشی دۆڕاند و دوا یاریش بە یەکسان هەژمارکرا. سەبارەت بە پێشبڕکێیەکەش بەڕێز ڕەتگەرس پێش دەستپێکردنی وتی "بێ گوێدانە ئەوەی کە کێ دەیباتەوە، پێویستە ئێمە هەموومان خۆمان بە براوە بزانین لەبەر ئەو تاگە ڕاستییەی کە ئێمە لێرەین بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانیی لاوان لە کەشێکی دۆستانەی دوور لە شەڕ و تەقینەوە. بە ڕازی بوونمان بە گرەوی وەزارەت بۆ یاریی شەترەنج، ئێمە وەك خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووکان لە هەولێر دەمانەوێ پابەندیی خۆمان بە هاوکاریکردنی خەڵکی عیراق لە سایەی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی تازە بکەینەوە و دەمانەوێ ئەوەش نیشان بدەین کە ئێمە ئەمە لێبڕاوانەو بە سۆزەوە ئەنجام دەدەین."

وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەڕێز تەها بەرواری ئامادەی دوایین بەشی پێشبڕکێیەکە بوو کە تێیدا خەڵات بەسەر یاریزانە یەکەم و دووەمەکاندا دابەشکرا، سەرەڕای دیارییەکی تایبەتیش بۆ هەموو یاریزانەکان. یونامیش چەند کوپێکی بەسەر گشت بەشداران دابەشکرد کە ئارمی نەتەوە یەکگرتووکان و چەند نووسینێکی پەیوەست بەم ڕۆژە بوون لەسەر نەخشێنرابوون.

*************

## ژەنیارێکی عیراقی خۆبەخشانە لە کلێساکەی کار دەکات و لە کاتی بێکاریشیدا مەشقی مۆسیقا دەکات

**نووسینی ڕەندە جەمال**

ئانیی تەمەن ٢٨ ساڵەی ئەرمەنی لە بەغداد دەژی و شانازی بەوە دەکات کە لەگەڵ تیپی ئۆرکسترای عیراقییە و زۆر جاریش لە کلێساکە خۆی خۆبەخشانە کار دەکات. وەك ئەندامانی تری خێزانەکەی ـــ باپیرە گەورەی کە پیاوێکی دەستڕەنگینی بەناوبانگ بووە بۆ دروستکردنی مزگەوت هێنراوەتە بەغداد ـــ ئانی لە بەغداد لە دایك بووە و هەر لەوێش گەورە بووە. زیاتر لە نیوەی ئەرمەنییەکانی



*ئاهەنگی تیپی ئۆرکسترای نیشتیمانی عیراقی لە ١٢ی ئابی ٢٠٠٨ کە تێیدا ئانی کەمانچە دەژەنێ*

عیراق له بەغداد دەژین هەرچەنده له ٢٠٠٣ زۆریان ناچاربوون به هۆی نائارامی وڵات به جێبهێڵن. بەڵام هێشتاش ئانی شانازی به شوناسنامه عیراقییەکەیەوه دەکات و ئاواتیش بۆ عیراقێکی ئارام دەخوازێت و ئێستا ئەو له هەوڵی ئەوەشدایه که نەوەیەکی تازەی ژەنیار پێ بگەیەنێ.

له ناو زۆرینەی پیاواندا پرچی رەشی لول و کەسایەتیی کاریزمایی ئەو ژنه له ئەندامەکانی تری تیپی ئۆرکسترای عیراقی جیا دەکاتەوه. ئەو کەمان دەژەنێ و رۆژانەش بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك پراکتیزەی ئەو ئامێره دەکات. ئانی ئاماژه بۆ دەوری دایك و باوکی دەکات که



*کەمانچە، ئەو ئامێرەی ئانی دەیژەنێ*

هەرچەنده مۆسیقاژەن نین بەڵام هانیان داوه بۆ بەدواداچوونی خەونەکانی و بوون به مۆسیقاژەن. ئەو وتی "ئەوان هەر لەتەمەنی ٩ ساڵیمەوه سەرەرای ئابڵۆقەی ئابووری و کەمیی پاره و دابەزینی نرخی دیناری عیراقی وانەی تایبەتییان بۆ من فەراهەم کردبوو."

سەرەرای هەبوونی جیاوازییەکی زۆر له نێوان فێربوونی تایبەت و ئەو کارانەی که بەکاتی تەواو ئەنجام دەدرێن، بەڵام دایك و باوکی ئانی خۆیان کچەکەیان لێره و لەوێ دەگێرا بۆ وانەو راهێنان.

بەڵام ئەو غەمی لێ دەباری کاتێ باسی بەهەره و سۆزی خۆی بۆ مۆسیقا دەکرد لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی خۆشەویستی کەمانیان له دڵدا چاند. ئابڵۆقەی ئابووری وەك هەر تاکێکی تری عیراقی زەبری خۆی لەویش دابوو کاتێ ئەڵێ "هەر که مامۆستایەکم دەدۆزیەوه و خەریك دەبوو لەگەڵی رابێم یەکسەر به هوی دژواریی بار و دۆخەکه عیراقی جێ دەهێشت." ئەو ناوی مامۆستایەکانی یەك به یەك به بیر خۆی دێنێتەوه و دەڵێ "لەگەڵ مامۆستایان حەسەن و زەین و نیشان و ئی تریش خەریك دەبووین دەست پێ بکەین کەچی دەرۆیشتن و منیان به جێ دەهێشت."

دوای داگیرکردنی عیراق به سەرکردایەتیی ئەمریکا له ساڵی ٢٠٠٣، ئانی دەبوو گۆرانکاری له پێشینەکارەکانیدا بکات. پێش شەرِ ئەو له بەیانیی زووەوه تا کاتژمێر ٣ی دوانیوەرۆ له تاقیگەیەك کاری دەکرد. دوایی دەرۆیشتەوه ماڵ و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پشووی دەدا پێش ئەوەی لەگەڵ برادەره ژەنیارەکانی تا درەنگانێکی شەو مۆسیقا بژەنن. بەڵام مانەوەی درەنگانیش یتر نەدەکرا چونکه بار ودۆخی بەغدای به شەرکاولبوو شێواو و نائارام بوو. بۆیه ئەو و برادەرەکانی مەشقکردنیان خسته رۆژێ بۆ ئەوەی بتوانن بەهرەکانیان به زیندوویی بهێڵنەوه. ئەم گۆرانکارییه تازەیه وای له ئانی کرد یان کاری تاقیگەکەی بکات یانیش ۆمسیقاژەنی که ئەو لەپێناو کەمانەکەی دووەمی هەڵبژارد.

سەرەرای مۆسیقاژەنینی لەگەڵ ئۆرکسترای سەمفۆنیی نیشتمانیی عیراقی ئەو وانەی کەمانیش له قوتابخانەی بەغدای مۆسیقی دەڵێتەوه و زۆر خۆشحاڵه به بەشداریکردنی له پێناو دروستکردنی نەوەیەکی عیراقیی ژەنیار که جەخت لەسەر کەلتوور و هونەری عیراق بکاتەوه. هەروەها ئەو پێش شەرِیشەوه له کڵێساکەی خۆی کاری خۆبەخشی دەکات به وتنەوەی وانەی ئەرمەنی بۆ منداڵان لەگەڵ وتنەوەی وانەی دەستەرەنگینی و لێکۆڵینەوەی کریستانیش. هەر به هۆی ئەم دەوره گرنگیەوه بوو که له ساڵی ٢٠٠٦ داوای لێکرا ببێته مامۆستا و بەرێوەبەر و پێشەنگی منداڵانی دەستەی سروودی کڵێسا. ئەو دەڵێ "ئەمه داواکارییەك بوو که من نەمدەتوانی وەلای نێم چونکه ئەو کەسەی بەم کاره هەڵدەستا لەسەرروێشتن بوو." دوای ٢ ساڵ وا پێدەچێ که ئانی شوێنێکی بۆ سۆزەکەی دۆزیبێتەوه. سەرەرای ئەزموونی ئانی لەسەر وەستان و جێهێشتنی مامۆستا بەڵام ئەو هەرگیز به نیاز نییه هەمان شت دووباره بکاتەوه.

*****************

## کرانەوەی دەرگاکان بۆ نەجەفی پیرۆز

*یەکەم تیمی نەتەوه یەکگرتووەکان له وڵات توانای شاراوه بۆ هاوبەشییوون دەدۆزێتەوه*

شاندێکی پایه بەرزی ئاژانسەکانی سەر به نەتەوه یەکگرتووکان به سەرۆکایەتی جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوه یەکگرتووەکان له عێراق بەرێز داڤید شیرەرلەم مانگه سەردانی شاری نەجەفی کرد. ئەم نێردەیه، که تاکه له جۆری خۆی له ناوەند وخوارووی عیراقدا، رێگەیەکی تازەی بۆ هاوکاریی لەگەڵ ئارەزوومەندترین پارێزگای عیراق بۆ پێشکەوتن کردەوه.

شاندەکه هەلی بەرچاوی گەشەکردنی بەرچاوی له تۆماری ئارامیی نەجەف بینی لەگەڵ گەشەکردنی سەرچاوەکان و چاکسازییەکانی بەرێوەبردن. پارێزگاری نەجەف و ئەنجومەنی پارێزگا به گەرمی شاندی میوانیان بەخێرهێنا و داوای یارمەتیی تەکنیکی و هەر جۆره پشتگیرییەکی تواناسازیشیان لێ کردن که نەتەوه یەکگرتووکان دەتوانێ دەستەبەری بکات.

لەمبارەوە شیرەر وتی "سەرکردەکانی نەجەف ئەوەیان پێراگەیاندین کە دەیانەوێ پەی بە توانا شاراوەکانی پارێزگاکەیان ببەن و ژیرانە و لێبڕاوانە سەرچاوەکانی خۆیان لە ھەڵسانەوە وەبەربھێنن. نەتەوە یەکگرتووکانیش دەتوانێ پاڵپشتیی ئەم ئامانجە بکات و بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگەکانی داديێت پلانێکی کاری بۆ دادەنێین."

پاراستنی شاندەکە لە ناو شاری نەجەف بە تەواوی و شارەزایانە لە لایەن هێزی ئاسایشی عیراقییەوە دابین کرابوو کە ئەمەش مزگێنی باشیمان بۆ نێردەکانی داديێ نەتەوە یەکگرتووکان لە هەرێمەکە دەداتێ.

لەگەڵ هیوایەکی زۆر بە پاشەرۆژ، شیرەر وتی کە نەجەف بە شێوەیەکی بەردەوام توانای پشتگیری کردنی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووکانی هەیە. ئەمەش هەنگاوێکی باشە بەرەو پلانی فراوانکردنی ئامادەبوونی نەتەوە یەکگرتووکان لە سەرانسەری وڵات. پلان بۆ تیمێکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەجەف لە هەفتەکانی داهاتوودا دانراوە.

***********

## هەواڵنامەی (یونامی)

هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات
بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:
**Unami-information@un.org**
یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بکەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:
**2644 - +962 6 5504700**
*jamalr@un.org*
پێگەی ئەلکترۆنی: www.uniraq.org